
KURDISTAN FILM FUND
یاسا و ڕێنماییەکان

01/ پێشەکی

02/ پشتگیرییەکانی سندوقی فیلمی کوردستان

03/ شایستەیی بۆ وەرگرتنی پاڵپشتی دارایی سندوقی فیلمی کوردستان

04/ ڕێنیشاندانی پێشکەشکردنی داواکاری

05/ پرۆسەی هەڵسەنگاندن و هەڵبژاردن



پێشەکی

KURDISTAN FILM FUND

وەک دەسپێشخەرییەکی کرییەتیڤ کوردستان، سندوق فیلمی کوردستان هاوکارییەکی دارایی تایبەتمەندە بە پشتگیری - لە ڕێگای دوو خولی ساڵانە – بۆ گەشەپێدان، بەرهەمهێنان، بەرهەمهێنانی هاوبەش، پاش-بەرهەمهێنان، و بڵاوکردنەوەی فیلمی کورت، مامناوەند، و درێژ، هەروەها زنجیرەی تەلەفیزیۆنی لە هەرێمی کوردستانی عێراق و تەواوی دونیا.

ئامانجی بەهێزکردنی ژینگەی کەرتی فیلمی کوردی و تیشک خستنە سەر گێڕانەوەی چیرۆکی کوردییە لە ڕێگای گەشەی بەردەوام و هاندانی هاریکاری نێودەوڵەتی، و پشتگیری بەرهەمهێنانی کاری بینراو و بیستراوی کوردی.

هەروەها سندوقی فیلمی کوردستان ئامانجێتی، لە ڕێگای هەنگاوی پلان بۆ داڕێژراو و هەبوونی پەیوەندی لەگەڵ دەرفەتە جیهانییەکان، پڕۆژەی کوردی لە سنووورەکان تێپەڕێنن.

ئەم پاڵپشتییە نەتەوەییە پشتگیری پڕۆژە بینراو و بیستراوەکان دەکات لەڕێگای هەردوو پاڵپشتی دارایی و پاڵپشتی پیشەیی کە بە شێوازێک داڕێژراوە تا بەشداربوان پەرە بە توانا هونەریی و ئاستی بەرهەمهێنانیان بدەن و هەلی سەرکەوتنیان زیاد بکەن.

دیدگای ئێمە

سندوق فیلمی کوردستان لە پێناوی هاندانی فیلمسازانی کورد دروستبووە تا پیشەسازی بەرهەمی بینراو و بیستراوی ناوخۆ بەهێز بکات و چیرۆکی کوردی بگەیەنێت بە بینەری جیهانی. ئێمە بڕوامان وایە سینەما ڕەخسێنەری کلتور، هەڵی کار، گفتوگۆ و دەرفەتە، هاوکات بەشداریشە لە پەرەپێدانی دوورمەودا و دەرکەوتنی هەرێمی کوردستانی عێراق لەسەر ئاستێکی نێودەوڵەتی.

ئامانجی ئێمە

سندوق فیلمی کوردستان (KFF)، کە دەستپێشخەرییەکی کرییەتیڤ کوردستانە، پڕۆگرامێکی پاڵپشتی دارایی تایبەتمەندە بە پشتگیریکردنی قۆناغەکانی گەشەپێدان، بەرهەمهێنان، بەرهەمهێنانی هاوبەش، پاش-بەرهەمهێنان، و بڵاوکردنەوە فیلمی کوردیی کورت، ماماوەند، و درێژ، یان زنجیرەی تەلەفیزیۆنی بە شێوەی دوو خولی پاڵپشتي ساڵانە.

ئامانجی سندوق فیلمی کوردستان بەهێزکردنی پیشەسازی فیلمی کوردییە لەڕێی پاڵپشتي فیلمسازان و پشتگیری چیرۆکی کوردی، هاندانی هاریکاری نێونەتەوەیی و بەرزکردنەوەی ئاستی دەرکەوتنی سینەمای کوردییە لە جیهاندا. جگە لە پاڵپشتی دارایی، سندوقەکە وەبەرهێنانەدەکات لە توانا، کاری هاوبەشی و دەرفەت ڕەخساندن بۆ گەشەی بەردەوامی پیشەسازی بینراو و بیستراوی کوردی.

بونیادنانی ژینگەیەکی بەردەوامی فیلم

سندوقی فیلمی کوردستان بڕوای وایە پیشەسازی فیلمی بەردەوام (Sustainable) بە وەبەرهێنانی دوورمەودا لە توانا، کاری هاوبەشی و دەرفەتدا بونیاد دەنرێت.

لە سەروو پاڵپشتی دارایی، ئەم دەستپێشخەرییە بەشداری لە پەرەپێدانی پیشەیی فیلمسازان لە ڕێگای دانیشتنی تایبەتمەند بە پیشەسازییەکە و ڕێنیشاندانی ستراتیژی و هاریکاری نێودەوڵەتی.

پێکەوە لەگەڵ کرییەتیڤ کوردستان و هاوبەشە نێودەوڵەتییەکانی، سندوقەکە بەشێکە لە دیدگایەکی فراوانتر بۆ پەرەپێدانی ژینگەیەکی بەردەوامی بەرهەمی بینراو و بیستراو لە هەرێمی کوردستانی عێراق. لە ڕێی دروستکردنی دەرفەت بۆ فیلمسازان تا پەیوەندی لەگەڵ فێستیڤاڵ، بازار، بڵاوکار، فرۆشیار، پەخشکار و هاوبەشانی هاوبەرهەمهێنان بونیاد بنێن، پاڵپشتییەکە تەنیا کار بۆ سەرکەوتنی پڕۆژەی تاک ناکات، بەڵکو کار بۆ گەشەی دوور مەودای سینەمای کوردی دەکات.

لە ڕێی هاوکاری بۆ دابەشکردن و بڵاوکردنەوە، پاڵپشتییەکە دەرفەت بۆ بەرهەمهێنەر، دەرهێنەر، و تیمی هونەری دەڕەخسێنێت تا بەشداربن لە فیستیڤاڵ و بازاڕە نێودەوڵەتییەکان، هاوکاریشیانە لە بونیادنانی تۆڕێکی پیشەیی و ڕاکێشانی هاریکاری لە داهاتوودا و گەشەسەندنی دەستڕاگەیشتنی سینەمای کوردی.

پاڵپشتیپەکانی سندوقی فیلمی کوردستان

پۆڵێنەکان و خولەکانی پاڵپشتی

01 فیلمی کورت و ماماوەند

لە نێویاندا بەرهەمی خەیاڵکرد، بەڵگەفیلم (دۆکیومێنتاری) و وێنەی جوڵاو (ئەنیمەیشن)، فیلمی کورت بەرهەمێکە لە ٣٠ خولەک کورتتر بێت.
فیلمی ماماوەند بەرهەمێکە لە نێوان ٣٠ بۆ ٥٩ خولەکدابێت.

02 فیلمی درێژ

لە نێویاندا بەرهەمی خەیاڵکرد، بەڵگەفیلم (دۆکیومێنتاری) و وێنەی جوڵاو (ئەنیمەیشن).
فیلمی درێژ بەرهەمێکە لە کاتژمێرێک زیاتر بێت و بە ئامانجی پەخشکردنی سەرەتایی لە سینەما بەرهەمهاتبێت.

03 زنجیرەی تەلەفیزیۆنی

لە نێویاندا بەرهەمی خەیاڵکرد، بەڵگەفیلم (دۆکیومێنتاری) و وێنەی جوڵاو (ئەنیمەیشن) کراوەیە بۆ هەر یەک لەم شێوازانەی خوارەوە:
زنجیرەی یەک وەرزی
زنجیرەی فرە-وەرزی
زنجیرەی سنوردار / کورتە زنجیرە.
لانی کەم 3 ئەڵقە و دەبێت ماوەی هەر ئەڵقەیەک 15 بۆ 60 خولەک بێت.

خولەکانی پاڵپشتی فیلم

01 گەشەپێدان

تەنیا بۆ فیلمی درێژ و زنجیرەی تەلەفیزیۆنی بەردەستە.

02 بەرهەمهێنان

گەر دەستپێشخەری پڕۆژەکە زۆرینە کورد بێت و وێنەگرتنی سەرەکی دەستی پێ نەکردبێت.
کراوەیە بۆ فیلمی کورت، مامناوەند، درێژ، و زنجیرەی تەلەفیزیۆنی.

03 بەرهەمهێنانی هاوبەش (کۆپرۆدەکشن)

گەر دەستپێشخەری پڕۆژەکەت بەرهەمهێنانی هاوبەشی کەمینە کوردە لەگەڵ بەشداریيەکی دیاری کوردی و وێنەگرتنی سەرەکی دەستی پێ نەکردبێت.
جەخت لەوە دەکەین وێنەگرتن لە ناو هەرێمی کوردستانی عێراق بێت، بەو جۆرە دەرفەتی شیاوێی زیاتر دەبەخشێت بۆ وەرگرتنی پاڵپشتییەکە و ڕەنگە هەڵی وەرگرتنی پاڵپشتی دارایی پڕۆژەکە بە شێوەیەکی بەرچاو زیاد بکات.
کراوەیە بۆ فیلمی درێژ و زنجیرەی تەلەفیزیۆنی.


04 پاش-بەرهەمهێنان

کراوەیە بۆ ئەو پڕۆژانەی مۆنتاژی سەرەتاییان هەیە، لانی کەم 70%ی وێنەگرتن تەواو کرابێت و بەشی زۆری دارایی پێویست بۆ پڕۆژەکە دابینکرابێت.

تەنیا بۆ فیلمی درێژ بەردەستە

05 بڵاوکردنەوە

تەنیا دوای تەواوبوونی پاش-بەرهەمهێنان و بەر لە بەشداریکردنی فیستیڤاڵ، یان بڵاوکردنەوەی سینەما بەردەستە یان لە قۆناغی بڵاوبوونەوەی فیلم و خولی چاپکردندایە.
تەنیا بۆ فیلمی کورت، مامناوەند، و درێژ بەردەستە.



خشتەی کاتی پێشکەشکردنی داواکاری

خولی یەکەم

لە 1ی ئەیلول، 2026 دەکرێتەوە.
لە 16ی تشرینی یەکەم، 2026 دادەخرێت.
بانگەوازی پڕۆژە پاڵپشتیکراوەکان لە ناوەڕاستی کانونی دووەم، 2027 ڕادەگەیەندرێت.

خولی دووەم

لە 1ی ئازار 2027 دەکرێتەوە
لە 2ی نیسان، 2027 دادەخرێت
بانگەوازی پڕۆژە پاڵپشتیکراوەکان لە سەرەتای تەممووز، 2027 ڕادەگەیەندرێت.

بڕی پاڵپشتی و دانیشتنەکان

بڕی پارەی نەقدی

گەشەپێدان

فیلمی خەیاڵکرد و ئەنیمەیشنی درێژ	تا 20,000 دۆلار
بەڵگەفیلمی درێژ	تا 10,000 دۆلار
زنجیرەی تەلەفیزیۆن	تا 20,000 دۆلار

بەرهەمهێنان

فیلمی کورت و ماناوەند	تا 10,000 دۆلار
فیلمی خەیاڵکرد یان ئەنیمەیشنی درێژ	تا 100,000 دۆلار
بەڵگەفیلمی درێژ	تا 50,000 دۆلار
زنجیرەی تەلەفیزیۆنی	تا 60,000 دۆلار

بەرهەمهێنانی هاوبەش

فیلمی خەیاڵکرد و ئەنیمەیشنی درێژ	تا 60,000 دۆلار
بەڵگەفیلمی درێژ	تا 30,000 دۆلار
زنجیرەی تەلەفیزیۆن	تا 40,000 دۆلار

پاش-بەرهەمهێنان

فیلمی خەیاڵکردی درێژ	تا 40,000 دۆلار
فیلمی ئەنیمەیشنی درێژ	تا 40,000 دۆلار
بەڵگەفیلمی درێژ	تا 40,000 دۆلار

بڵاوکردنەوە

هاوکاری بەردەست - بە پشتبەستن بە چاپ و ڕیکلامی فیلمەکە (P&A)
تێچووی بازاڕ لە ناویاندا بڕوانامەکان، پەخشی بازاڕ، ڕیکلام
تێچووی بەبازاڕکردن لە ناویاندا داڕشتنی پۆستەر، هەڵمەتی بەبازاڕکردن، و پەیوەندییە گشتییەکان لە کاتی نیشاندانی سەرەتایی لە فیستیڤاڵە ناوخۆیی و جیهانییەکان.
تێچووەکانی فیستیڤاڵ لە ناویاندا تێچووی گەشتکردن، هەروەها پاڵپشتییەکە هاوکاری دەرهێنەر یاخود بەرهەمهێنەرە کوردەکان دەبێت لە پرۆسەی ڤیزا.
ستراتیژی دابەشکردن و فیستیڤاڵ لە ناویاندا ڕاوێژی تایبەتمەند بۆ هەڵسەنگاندنی هەڵی فیلمەکە لە فیستیڤاڵەکاندا و پەرەپێدانی نەخشەی ستراتیژی دابەشکردن لە فیستیڤاڵەکان.
ڕێکارەکانی وەرگرتنی ڤیزا: بۆ سەفەرە نێودەوڵەتییەکان، فیستیڤاڵی فیلمی کوردی (KFF) لە تەواوی پرۆسەی داواکردنی ڤیزادا هاوکاریی دەرهێنەریان بەرهەمهێنەری کورد دەکات.
پشتیوانیی بڵاوکردنەوە: ئامانجی بەرزکردنەوەی ئاستی ناساندنی سینەمای کوردییە لە سەرانسەری جیهاندا، بەمەش دەرفەت بۆ پرۆژە پشتیوانیکراوەکان دەڕەخسێنێت تا بگەنە فیستیڤاڵە گەورەکان، بازاڕەکانی فیلم، دەرفەتەکانی فرۆشتن و تۆڕە پیشەییەکان، هەروەها هاندەر دەبێت بۆ بڵاوبوونەوەی بەردەوامی فیلمەکە لە ئاستی نێودەوڵەتیدا.

دانیشتنە هاوبەشەکان

تەواوی پرۆژە پاڵپشتیکراوەکان لە هەر خولێکدا هەڵی بەشداریکردنیان لە زنجیرەیەک دانیشتنی ئۆنڵاینی بەکۆمەڵدا دەبێت کە بابەتی گرنگ و پێویست بۆ پەرەپێدانی پرۆژەکان، دارایی و بەرهەمهێنان باس دەکات. ئەم دانیشتنانە لە سێ مانگدا ڕوو دەدەن پاش ئاگادارکرانەوە لە وەرگرتنی پاڵپشتی.
پاڵپشتی دارایی هاوشان دەبێت لەگەڵ ڕێنیشاندانی پیشەیی، هەر پرۆژەیەکی پاڵپشتیکراو، پشتگیری ورد و تایبەتمەند وەردەگرێت بۆ ئەو قۆناغەی بەرهەمەکی تێدا پەرەپێدەدات.

چاوەڕێ دەکرێت وەرگرانی پاڵپشتی بەشداریەکی کارایان هەبێت لە پرۆگرامی دانیشتنە پیشەییەکان کە بەشێکی بنەڕەتین لە پشتگیرییەکانی سندوقەکە و مەرجێکە بۆ وەرگران.
پاڵپشتی بڵاوکردنەوە هەوڵ بۆ دەرکەوتنی سینەمای کوردی دەدات بە پشتگیریکردنی پرۆژەکان لە دەستگەیشتن بە فیستیڤاڵە گرنگەکان، بازاڕی فیلم، هەڵی فرۆشتن و تۆڕی پیشەیی، لە هەمان کاتیشدا هانی دابەشکردنی دوورمەودای جیهانی دەدات.

پارەدانەکانی پاڵپشتی دارایی

پاڵپشتییەکە دەبەخشرێت بە بەرهەمهێنەر، جگە لە حاڵەتی تایبەتدا کە لە یاساکاندا بە (*) دیاری کرابێت.

پاڵپشتی گەشەپێدان
یەکەم گوژمەی پارەدان کە 70%ی تەواوی پاڵپشتییەکەیە پاش واژۆکردنی گرێبەستی پاڵپشتی:
30% دیاریکراوە بۆ دەرهێنەر (*)
40% دیاریکراوە بۆ بەرهەمهێنەر
دووەم گوژمەی پارەدان کە 30%ی تەواوی پاڵپشتییەکەیە بەپێی پسوولە (دیاریکراوە بۆ بەرهەمهێنەر)
بۆ سیناریۆیەک مایەی ڕەزامەندی بێت
بۆ جێبەجێکردنی تەواو و ڕاپۆرتی دارایی بۆ بەکارهێنانی تەواوی پاڵپشتییەکە

پاڵپشتی بەرهەمهێنان
یەکەم گوژمەی پارەدان 40%ی تەواوی پاڵپشتییەکە پاش واژۆکردنی گرێبەستی پاڵپشتی
دووەم گوژمەی پارەدان 40%ی تەواوی پاڵپشتییەکە لە یەکەم ڕۆژی وێنەگرتنی سەرەکی (بە نیشاندانی ڕێپێدانی وێنەگرتن)
سێیەم گوژمەی پارەدان 20%ی تەواوی پاڵپشتییەکە پاش وەرگرتن و قبوڵکردنی جێبەجێکردنی تەواو و ڕاپۆرتی دارایی بەکارهێنانی تەواوی پاڵپشتییەکە (بەیاننامەی دارایی کە لەلایەن وردبینی یاسایی یاخود ژمێریاری ڕێپێدراوەوە پشتڕاستکرابێتەوە).

پاڵپشتی بەرهەمهێنانی هاوبەش (دەبەخشرێت بە پەرهەمهێنانی کوردیی پڕۆژەکە)
یەکەم گوژمەی پارەدان 40%ی تەواوی پاڵپشتییەکە پاش واژۆکردنی گرێبەستی پاڵپشتی
دووەم گوژمەی پارەدان 40%ی تەواوی پاڵپشتییەکە لە یەکەم ڕۆژی وێنەگرتنی سەرەکی
سێیەم گوژمەی پارەدان 20%ی تەواوی پاڵپشتییەکە پاش وەرگرتن و قبوڵکردنی جێبەجێکردنی تەواو و ڕاپۆرتی دارایی بەکارهێنانی تەواوی پاڵپشتییەکە

پاڵپشتی پاش-بەرهەمهێنان (دەبەخشرێت بە پەرهەمهێنانی کوردیی پڕۆژەکە)
یەکەم گوژمەی پارەدان 70%ی تەواوی پاڵپشتییەکە پاش واژۆکردنی گرێبەستی پاڵپشتی
دووەم گوژمەی پارەدان 30%ی تەواوی پاڵپشتییەکە پاش پێشکەشکردنی وەشانێکی فیلمەکە کە مایەی قبوڵکردن بێت هاوشان لەگەڵ جێبەجێکردنی تەواو و ڕاپۆرتی دارایی بەکارهێنانی تەواوی پاڵپشتییەکە (بەیاننامەی دارایی کە لەلایەن وردبینی یاسایی یاخود ژمێریاری ڕێپێدراوەوە پشتڕاستکرابێتەوە).

پاڵپشتی بڵاوکردنەوە
بەپێی ستراتیژی چاپ و ڕیکلامی فیلمەکە و پاش قبوڵکردنی پسوولەی نرخاندن کە لەلایەن بەرهەمهێنەوە پێشکەشی کرابێت.

ڕەوایی پاڵپشتییە دارایییەکان

پاڵپشتی گەشەپێدان هەڵدەوەشێتەوە گەر ڕەشنووسێکی پێداچوونەوەی سیناریۆ پێشکەش نەکرێت کە بەڕەوپێشچوونی بەرچاو نیشان بدات پاش ساڵێک لە ڕاگەیاندنی وەرگرتنی پاڵپشتی.

پاڵپشتی بەرهەمهێنان و بەرهەمهێنانی هاوبەش هەڵدەوەشێتەوە گەر وێنەگرتنی سەرەکی دەستی پێنەکردبێت لە ماوەی دوو ساڵدا پاش ڕاگەیاندنی وەرگرتنی پاڵپشتی. لە دۆخی هەبونی هۆکاری ڕوون و ڕەوا دەکرێت وەک دۆخێکی ناوازە داوای درێژکردنەوەی ماوەکە بۆ ساڵێکی تر بگوێزرێتەوە، کە بڕیاری کۆتای لەسەر ئەم بابەتە تەنها لە دەسەڵاتی سندوقی فیلمی کوردستاندایە

پاڵپشتی پاش-بەرهەمهێنان هەڵدەوەشێتەوە گەر یەکەم پەخشی فەرمیی ئەنجام نەدرابێت لە ماوەی ساڵێک لە ڕاگەیاندنی وەرگرتنی پاڵپشتی

پاڵپشتییەکە هەڵدەوەشێتەوە گەر هەر گۆڕانکارییەک لە دەرهێنەر، بەرهەمهێنەر، یاخود گۆڕانکاری بنچینەیی لە ئاڕاستەی تەکنیکی، هونەری، یاخود دارایی پڕۆژەکەدا ڕووبدات بێ ئەوەی تیمی پاڵپشتییەکار ئاگادار بکرێتەوە و بە نوسراو ڕەزامەندی پاڵپشتی گۆڕانکاری وەرگیرابێت.

هەڵوەشاندنەوە بە فەرمانێکی داوای پێدانەوەی پارە دەبێت: پسوولەیەک کە داوای گێڕاندنەوەی پارەی وەرگیراو دەکات.

شایستەیی بۆ پەسەندبوون لە پاڵپشتی دارایی سندوقی فیلمی کوردستان

یاسا و مەرجی هەموو پۆلێنەکان

لە هەموو قۆناغەکان

- **پێویستە دەرهێنەر کورد یان بە ڕەچەڵەک کوردبێت:** پێویستە کوردبوونی لە ڕێگای بەڵگەی ڕەچەڵەک یان هەر جۆرە بەڵگەنامەیەکی دیکە پەیوەندی خۆی بە کۆمەڵگە و کلتوری کوردییەوە بسەلمێنێت.

- **دەکرێت بەرهەمهێنەر کورد یاخود بە ڕەچەڵەک کورد بێت،** یاخود لە هەر نەتەوایەتییەک بێت بەو مەرجەی کاری بەرهەمهێنان بۆ پڕۆژەیەک بکات کە لە دەرهێنانی دەرهێنەرێکی کورد یاخود بە ڕەچەڵەک کورد بێت کە بتوانێت ڕەچەڵەکی کوردیی خۆی یان بە هەر جۆرە بەڵگەنامەیەک پەیوەندی خۆی بە کۆمەڵگە و کلتوری کوردییەوە بسەلمێنێت.

یاخود

- **بەرهەمهێنەر دەکرێت هەر نەتەوەیەک بێت** بەو مەرجەی بەرهەمەکەی ناوەڕۆکی کوردی نیشان بدات و چیرۆکێکی کوردی یاخود ناوچەیەکی هەرێمی کوردستانی عێراق وەک لۆکەیشن بخاتە ڕوو. بێ گوێدان بە ڕەچەڵەکی بەرهەمهێنەر، تەواوی پڕۆژە پاڵپشتیکراوەکان دەبێت دەستیان هەبێت لە پەرەپێدان و خستنەڕووی نێودەوڵەتی سینەمای کوردی لە ڕێگای سەرکردایەتی داهێنەرانە، چیرۆک، پەیوەندی کلتوری، بەرهەمهێنان، چالاکییەکانی بەرهەمهێنان، یاخود کاریگەری پیشەسازی.

- **پڕۆژە پێویستە هەردوو دەرهێنەر و بەرهەمهێنەری هەبێت.**
جگە لە فیلمی کورت و ماماوەند، یاخود فیلمێکی درێژ کە لە قۆناغی گەشەپێداندابێت کە لەو کاتەدا دەرهێنەر دەتوانێت بەبێ بەرهەمهێنەر داواکاری پێشکەش بکات.

- **پێویستە بەرهەمهێنەر و دەرهێنەر دوو کەسی جیاواز بن**
جگە لە فیلمی کورت و ماماوەند لە قۆناغەکانی بەرهەمهێنان یاخود دابەشکردن، ئەوکات دەکرێت بەرهەمهێنەر و دەرهێنەر هەمان کەس بن.

- پێویستە **هەموو پڕۆژەکان** پەیوەندییەکی مانادار بە شوناس، کلتور، زمان، کۆمەڵگە، و گێڕانەوەی کوردی نیشان بدەن لە ڕێی فیلمسازی، چیرۆک، یاخود خودی پڕۆژەکە.
سەرنجی تایبەت دەخرێتە سەر ئەو پڕۆژانەی ئەو خاڵانەی سەرەوە لەخۆ بگرن.

- هەر قۆناغێک (گەشەپێدان، بەرهەمهێنان، پاش-بەرهەمهێنان) **دەکرێت لە دەرەوەی هەرێمی کوردستانی عێراق ئەنجام بدرێت** بەو مەرجەی **پەیوەندییەکی ڕاستەوخۆی** بە شوناس، کلتور، زمان، کۆمەڵگە، یاخود گێڕانەوەی کوردییەوە هەبێت لە ڕێی فیلمسازی، چیرۆک، یاخود خودی پڕۆژەکە.

سەرنجی تایبەت دەخرێتە سەر ئەو پڕۆژانەی ئەو خاڵانەی سەرەوە لەخۆ بگرن.

- هەر پڕۆژەیەک کە بودجەی 100%ی بۆ دابینکرابێت لە لایەنێکی پەخشکارەوە (ستودیۆ، سەکۆی ستریمینگ، یاخود کەناڵی تەلەفیزیۆنی) پاڵپشتییەکە نایگرێتەوە.



لە قۆناغی بەرهەمهێنان و بەرهەمهێنانی هاوبەش (کۆپرۆدەکشن)

- هەر پرۆژەیەک کە بەرهەمهێنانی زۆرینە کورد بێت، پێویستە بیسەلمێنێت کە 60%ی کەسانی هونەری بەشدار لە بەرهەمهێنانیدا کورد یاخود بە ڕەچەڵەک کوردن، ڕەچەڵەک دەبێت بە نیشاندانی بەڵگەی پێویست یان هەر پەیوەندییەکی ڕوون بە کۆمەڵگە و کلتوری کوردییەوە دەبێت.

- هەر پرۆژەیەکیبەرهەمهێنانی هاوبەشی کەمینە کورد پێویستە بیسەلمێنێت کە دەرهێنەر کوردە یاخود بە ڕەچەڵەک کوردە و فیلمەکە پەیوەندییەکی ڕوون بە شوناس، کلتور، زمان، کۆمەڵگە، یاخود گێڕانەوەی کوردی نیشان بدات لە ڕێی فیلمساز، چیرۆک، یاخود خودی پرۆژەکە.

- هەر پرۆژەیەکی بەرهەمهێنانی هاوبەشی کەمینە کورد دەبێت ناوەڕۆکی کوردی نیشانبدات و گێڕانەوەی کوردی یاخود لۆکەیشنی هەرێمی کوردستانی عێراق نیشان بدات.

یاسا تایبەتمەندەکان و مەرجەکان بەپێی قۆناغ

لە هەموو قۆناغەکان

- بۆ فیلمی درێژ و زنجیرەی تەلەفیزیۆنی، پێویستە دەرهێنەر پێشتر لانی کەم کاری دەرهێنانی بۆ یەک فیلمی کورت یاخود بەرهەمێکی دیکەی بینراو و بیستراو کردبێت یاخود پێویستە بەرهەمی هونەری دیکەی هەبووبێت کە لە پێشانگای کراوەدا نیشان درابێت، بەرهەمی لە پێشانگای فیلم، پێشانگا، یاخود سەکۆی دیکەی کلتووری ناسراودا پێشکەش یان بڵاو کردبێتەوە.
- بۆ فیلمی درێژ و زنجیرەی تەلەفیزیۆنی، دەبێت بەرهەمهێنەر پێشتر لانی کەم کاری بەرهەمهێنانی بۆ یەک فیلمی کورت یاخود بەرهەمێکی دیکەی بینراو و بیستراو کردبێت یاخود پێویستە بەرهەمی هونەری دیکەی هەبووبێت کە لە پێشانگای کراوەدا نیشان درابێت، بەرهەمی لە پێشانگای فیلم، پێشانگا، یاخود سەکۆی دیکەی کلتووری ناسراودا پێشکەش یان بڵاو کردبێتەوە.

لە قۆناغی گەشەپێدان

- بۆ فیلمی درێژ و زنجیرەی تەلەفیزیۆنی لە قۆناغی گەشەپێدان، هیچ بڕێکی دارایی دابینکراو پێویست نییە لە کاتی پێشکەشکردنی داواکاری.
- بەڵام، پێویستە پێشکەشکار مافی پێویستی بەدەست هێنابێت و بتوانێت بەڵگەنامەی خاوەندارێتی نیشان بدات بۆ ئەو کارەی ئەنجامی دەدات یاخود بۆ بابەتی پەیوەندیدار.
- گەر سیناریست هەمان کەسی دەرهێنەر نییە، دەبێت گرێبەستی سیناریستیش دابین بکرێت.

لە قۆناغەکانی بەرهەمهێنان و پاش-بەرهەمهێنان

- مەرجەکانی شایستەبوون دەگۆڕێت بەپێی ئەوەی داخۆ پرۆژەکە وەک بەرهەمهێنانی زۆرینە کورد یاخود بەرهەمهێنانی هاوبەشی کەمینە کورد پێشکەش کرابێت، بەتایبەتی لە ڕووی پەیوەندیدار بە بەشداریی دەستی داهێنەرانەی کوردیی، بڕی پاڵپشتی، شێوەی پەیکەری دارایی و پابەندییەکانی بەرهەمهێنانەوە.
- سندوق فیلمی کوردستان دڵنیایی دەدات کە ئەو کەمترین بڕە دارایە کوردییەی پێشکەشی دەکات ناکۆک نابێت لەگەڵ پابەندیی خەرجیی سەرچاوە دارایە نێودەوڵەتییەکانی دیکە بە شێوەیەک کە کێشە بۆ باری دارایی پرۆژەکە یاخود تەواوکردنی بە شێوەیەکی سەرکەوتوو دروست بکات.
- بۆ فیلمی درێژ و زنجیرەی تەلەفیزیۆنی لە قۆناغی بەرهەمهێناندا، پێویستە پرۆژەکە گرێبەستی بەرهەمهێنان یاخود بەرهەمهێنانی هاوپێچ بکات (ڕەشنووسی ڕێکەوتنامە یاخود گرێبەستی کۆتایی مەرجە بۆ وەرگرتنی گوزمەی دووەم) لە نێوان دەرهێنەر و بەرهەمهێنەری سەرەکی.
- پێویستە مافی سیناریۆ یاخود وەرگرتن بگەڕێتەوە بۆ بەرهەمهێنەری سەرەکی.
- فیلمی درێژ و زنجیرەی تەلەفیزیۆنی لە قۆناغی بەرهەمهێنان یان پاش-بەرهەمهێنان دەبێت بڕێکی دیاریکراو وەک کەمترین ڕاستەوخۆ یان ناڕاستەوخۆ نیشان بدات کە پەیوەندیداربێت بە کۆمپانیای کوردی دابینکردنی توانای هونەری یاخود دابینکردنی خزمەتگوزاری.
- پێشینەیی و پاڵپشتی زیاتر دەدرێت بەو پرۆژانەی زۆرترین خەرجی لە ناو هەرێمی کوردستانی عێراقدا ئەنجام دەدەن.



پێداویستی زیاتر بۆ بەرهەمی بەڵگەفیلم (دۆکیومێنتاری)

- بۆ بەڵگەفیلمی درێژ یاخود زنجیرەی تەلەفیزیۆنی لە قۆناغی گەشەپێداندا نابێت وێنەی زیاتر لە 20%ی بەرهەمی کۆتایی ئیدت کراو گیرابێت لە کاتی پێشکەشکردنی داواکاریدا.

- بۆ بەڵگەفیلمی درێژ یاخود زنجیرەی تەلەفیزیۆنی لە قۆناغی بەرهەمهێناندا، نابێت وێنەی زیاتر لە 50%ی بەرهەمی کۆتایی ئیدت کراو گیرابێت لە کاتی پێشکەشکردنی داواکاریدا.

- بۆ بەڵگەفیلمی درێژ لە قۆناغی پاش-بەرهەمهێنان، پێویستە لانی کەم وێنەی زیاتر لە 80%ی بەرهەمی کۆتایی ئیدت کراو گیرابێت و دەبێت مۆنتاژی سەرەتایی لە کاتی پێشکەشکردنی داواکاری بەردەست بێت.

ڕێنیشاندانی
پێشکەشکردنی داواکاری

یاسا گشتیپەکانی پێشکەشکردنی داواکاری

- دەبێت پێشکەشکارکەسێکی ئاسایی بێت، لە سەروو تەمەنی یاسایی وڵاتی نیشتەجێی بێت و خاوەنی ناسنامەی بەسەرنەچوو بێت.
- دەبێت داواکاری بە زمانی ئینگلیزی پێشکەش بکرێت. ئەو بەڵگەنامانەی سەرەتا بە کوردی دەرچوون، لە ناویاندا بڕوانامەی تۆمارکردنی کۆمپانیا، گرێبەست، یاخود بەڵگەنامەی فەرمی کارگێڕی، دەکرێت بە کوردی پێشکەش بکرێن مەگەر سندوقی فیلمی کوردستان بە شێوەیەکی تایبەت داوای وەرگێڕانی یاساییان بکات بۆ زمانی ئینگلیزی.
- پێویستە داواکاری بە شێوەی ئۆنلاین، لە ڕێگای سەکۆی سندوقی فیلمی کوردستانەوە تۆمار بکرێن.
- داواکارییەک لە دەرەوەی ماوەی فەرمیِ پێشکەشکردنی داواکاری تۆمار بکرێت، قبوڵ ناکرێت.
- پڕۆسەی تۆمارکردنی ئۆنلاین پڕکردنەوەی زانیاری پێویستیش دەگرێتەوە و دەبێت لە کاتی پێویستدا ئەنجام بدرێت.
- هەر تۆمارکردنێک پێویستە دۆسییەی داواکارییەکی تەواوەتی لەخۆ بگرێت.
- لە خوارەوە ئاماژە بە بابەتە پێویستەکان بەپێی قۆناغی پاڵپشتی گونجاو و پۆلێنەکان کراوە و هەر قۆناغ و پۆلێنێک مەرجی تایبەتی خۆی هەیە.
- هەموو بەڵگەنامە ئاماژەپێکراوەکان لە ڕێنیشاندەری پێشکەشکردنی داواکاری ناچارین و دەبێت دابین بکرێن.
- داواکاری ناتەواو بە شێوەیەکی خودکاری ڕەت دەکرێتەوە.
- هەرکات پێشکەشکردنی داواکاری کۆتایی هات، چیتر مایەی دەستکاری و کشاندنەوە نییە.
- داواکارییەک پاش دوا وادەی خولی پاڵپشتی پێشکەش بکرێت، قبوڵ ناکرێت.
- نابێت داواکارییەکە پێکدادانی بەرژەوەندی یاخود ئەگەری پێکدادانی بەرژەوەندی لەگەڵ سندوقی فیلمی کوردستان یاخود هیچ کام لە ئەندامانی دەستەی هەڵسەنگاندن، یاخود ستاف و دەسەڵاتە پەیوەندیدارەکانی دروست بکات.
- سندوقی فیلمی کوردستان مافی بڕیاردانی هەیە لە هەڵسەنگاندنی تەواویی و شایستەیی هەر داواکارییەک.
- کەسانی شارەزا و ئەندامانی دەستەی هەڵسەنگاندن بەپێی دیدگای هونەری خۆیان، کوالیتی گشتی، و ئامادەیی بەرهەمهێنان هەڵدەسەنگێنن و دڵنیایی دەدەن کە تەواوی داواکارییەکان بە شێوەیەکی یەکسان هەڵدەسەنگێندرێن.
- هەمان دەستەی هەڵسەنگاندنیش بڕیار دەدەن لە بڕی پاڵپشتی.
- سندوقی فیلمی کوردستان مافی هەیە کە بانگهێشتەکە پێش کۆتا وادەی ڕاگەیەنراو دابخات، ئەگەر ژمارەیەکی نائاسایی بەرز لە داواکارییەکان پێشکەش بکرێت.
- لە کاتی سەرنەکەوتنی داواکارییەک، سندوقی فیلمی نەتەوەیی هیچ بۆچوون یان هۆکارێک ناخاتە ڕوو بۆ بڕیارەکەی.

پێشکەشکردنی زیاتر لە یەک داواکاری یاخود دووبارە پێشکەشکردنەوەی داواکاری

هەر پرۆژەیەک لە قۆناغێکی پاڵپشتی سەربکەوێت بۆ قۆناغێکی دیکە، دەبێت بەرەوپێشچوونی بەرجەستە بخاتە ڕوو لەسەر پەرەپێدان و جێبەجێکردن.

ژمارەی داواکاری بۆ هەر خولێک

- هەر دەرهێنەرێک پێویستە تەنیا لە یەک پرۆژەی پێشکەشکراودا هەبێت بۆ هەر پۆلێنێکی پاڵپشتی یان قۆناغ و نابێت لە هەر خولێکی داواکاری پێشکەشکردندا لە دوو پرۆژە زیاتری پێوە بەسترابێتەوە.
- پاڵپشتی دارایی قۆناغی بڵاوکردنەوە ناگرێتەوە.

بۆ نموونە:

- دەرهێنەرێک دەتوانێت بە لایەنی زۆرەوە یەک فیلمی درێژ لە قۆناغی گەشەپێداندا و یەک کورتەفیلم پێشکەش بکات لە قۆناغی بەرهەمهێنان.
- دەرهێنەرێک دەتوانێت بە لایەنی زۆرەوە یەک فیلمی درێژ لە بەرهەمهێنان و یەک فیلمی درێژ لە پاش-بەرهەمهێنان پێشکەش بکات.
- بەرهەمهێنەر و هاوبەرهەمهێنەر نابێت هاوپێچ بن بە زیاتر لە سێ پرۆژەوە لە هەر خولێکی پێشکەشکردنی داواکاریدا.

ژمارەی پاڵپشتییەکان بۆ هەر ساڵێک

- هەر دەرهێنەرێک نابێت لە یەک پاڵپشتی دارایی زیاتر وەربگرێت لە سندوق فیلمی کوردستان لە هەمان خولی پێشکەشکردنی داواکاری ساڵانە (بۆ هەر ساڵێک دوو خولی پێشکەشکردن هەیە).
- هەر پاڵپشتییەکی نوێ تەنیا کاتێک وەردەگیرێت گەر پرۆژە پاڵپشتیکراوەکانی پێشووتری گەیشتبنە قۆناغێکی نوێی بەرچاو لە پەرەپێدان یاخود تەواو بوون.
- بەرهەمهێنەر نابێت زیاتر لە چوار پاڵپشتی سندوق فیلمی کوردستان لە هەمان ساڵی ڕۆژمێردا وەربگرێت (دوو سووڕی پێشکەشکردنی داواکاری بۆ هەر ساڵێک). هەر پاڵپشتییەکی نوێ تەنیا کاتێک وەردەگیرێت گەر پرۆژە پاڵپشتیکراوەکانی پێشووتری کۆتایی هاتبن.

دووبارە پێشکەشکردنەوە

هەر پرۆژەیەک (فیلم یان زنجیرەی تەلەفیزیۆنی) دەتوانێت:

- تەنیا یەک داواکاری بۆ هەر قۆناغێک پێشکەش بکات. پرۆژەی ڕەت کراوە تەنیا پاش بانگێشتنامەی دەستەی داوەران، دەتوانن دووبارە داواکاری پێشکەش بکەنەوە
- تەنیا یەک داواکاری لە قۆناغی پاش-بەرهەمهێنان پێشکەش دەکرێت
- لە کاتی دووبارە پێشکەشکردنەوەی داواکاری، دەبێت وردەکاری ئەو گۆڕانکارییانە بخرێنە ڕوو (نوسراوی دووبارە پێشکەشکردنەوە) کە لە پرۆژەکەدا ئەنجام دراون و دەبێت لە ڕێگای فۆڕمی ئۆنلاینەوە پێشکەش بکرێت و هاوپێچ کرابێت بە دۆسییەی داواکارییەوە.
- ئەم مەرجە قۆناغی پاش-بەرهەمهێنان و بڵاوکردنەوە ناگرێتەوە.

پێداویستیپەکانی پێشکەشکردن

لە خوارەوە ئاماژە بە لیستێک بەڵگەنامە و دۆکیومێنتی پێویست کراوە لە دۆسیەی داواکاری بۆ هەر قۆناغێکی پاڵپشتی و پۆلێنی بەرهەمێک.

- بۆ ئاسانکردنی پڕۆسەی هەڵسەنگاندن، مەرجە داواکارییەکان بەڵگەنامەکانیان بە ڕیزبەندی لیستی خوارەوە پێشکەش بکەن.
- پێویستە تەواوی بەڵگەنامەکان بە یەک فایلی PDF پێشکەش بکەن.

پاڵپشتی گەشەپێدان

فیلمی درێژ

بەڵگەنامە هونەرییەکان

- لاپەڕەی ڕووپۆش لەگەڵ ناونیشانی بەرهەم
- پوختەی (سینۆپسس) کورت و / یان درێژی بەرهەم (لە ٢٠ دێڕ زیاتر نەبێت)
- تریتمێنتی فیلمی درێژ (لە ١٠ لاپەڕە کەمتر نەبێت) یاخود سیناریۆ
- وتەی دەرهێنەر / یاداشتنامەی مەبەستی هونەری (لە ٢ لاپەڕە زۆرتر نەبێت)
- سەرچاوە هونەرییەکان: مووود بۆرد یاخود سەرچاوە بینراوەکان، کاریگەرییە جوانیناسی و ئیلهامبەخشەکان (٦ لاپەڕە زیاتر نەبێت)
- تێبینی مەبەستی بەرهەمهێنەر کە پێداویستییەکانی پڕۆژەکە و کار و هەنگاوی پێویست بۆ پەرەپێدانی سەرکەوتوو بخاتە ڕوو لەگەڵ توانای پڕۆژەکە لە بەرهەمهێنان و دابەشکردندا (لە ٢ لاپەڕە زیاتر نەبێت)

تیمی هونەری

- ژیاننامە و لیستی کارە فیلمییەکانی (فیلمۆگرافی) دەرهێنەر
- بەستەری کارە بینراو و بیستراوەکانی پێشووتری دەرهێنەر
- ژیاننامە و لیستی کارە فیلمییەکانی (فیلمۆگرافی) سیناریست (ئەگەر گونجا)
- ژیاننامە و لیستی کارە فیلمییەکانی (فیلمۆگرافی) بەرهەمهێنەر (ئەگەر گونجا)
- بەستەری کارە بینراو و بیستراوەکانی پێشووتری بەرهەمهێنەر (ئەگەر گونجا)
- پڕۆفایلی کۆمپانیای بەرهەمهێن (ئەگەر گونجا)

بەڵگەنامە یاساییەکان

- ناسنامەی دەرهێنەر
- بەڵگەنامەی ڕەچەڵەک یان هەر بەڵگەیەکی دیکە کە پەیوەندی دەرهێنەر بە کۆمەڵگە و کلتوری کوردییەوە بەستێتەوە.
- ناسنامەی بەرهەمهێنەر (ئەگەر گونجا)
- بەڵگەنامەی ڕەچەڵەک یان هەر بەڵگەیەکی دیکە کە پەیوەندی بەرهەمهێنەر بە کۆمەڵگە و کلتوری کوردییەوە بەستێتەوە. (ئەگەر گونجا)
- گرێبەستی مافی وەرگرتن (ئەداپتەیشن) (ئەگەر گونجا)
- گرێبەستی دەرهێنەر (گەر دەرهێنەر خودی سیناریست نەبوو) (ئەگەر گونجا)
- گرێبەستی بەرهەمهێنان یاخود ڕێکەوتننامە دەکرێت قبوڵ بکرێت گەر گرێبەستی کۆتایی نەچووبووە بواری جێبەجێکردنەوە (ئەگەر گونجا)
- بەڵگەنامەی تۆماری یاسایی کۆمپانیای بەرهەمهێنان (بڕوانامەی دامەزراندنی کۆمپانیا یاخود بەڵگەنامەی فەرمیی هاوشێوە بۆ تۆمارکردنی کۆمپانیا)

- دەرهێنەر بەرپرسیارێتی دروستی و سەلامەتی بەڵگەنامە پەشکەشکراوەکان بۆ سندوقی فیلمی کوردستان هەڵدەگرێت
- سندوقی کوردستان مافی خۆیەتی ڕێگای یاسایی بگرێتە بەر دژیان گەر بەڵگەنامە پێشکەشکراوەکان ساختەبوون

بەڵگەنامە داراییەکان

- بودجەی خەملێندراوی گەشەپێدان (بە بەکارهێنانی خشتەی ئێکسڵی فەرمیی سندوقی فیلمی کوردستان کە دابینکردوە)
- بۆ بەڵگەفیلمی درێژ لە قۆناغی گەشەپێدان، لە کاتی پێشکەشکردنی داواکاری نابێت زیاتر لە ٢٠%ی بەرهەمی کۆتایی ئیدت کراو تۆمار کرابێت.
- تەنیا بۆ ئەو پرۆژانەی دووبارە داواکاری پێشکەش دەکەنەوە > پێویستە تێبینی دووبارە نوسینەوە هاوپێچ کرابێت

زنجیرەی تەلەفیزیۆنی

بەڵگەنامە هونەرییەکان

- لاپەڕەی ڕووپۆش لەگەڵ ناونیشانی بەرهەم
- لۆگڵاین
- پوختەی (سینۆپسس)کورت و / یان درێژی بەرهەم (لە ٢٠ دێڕ زیاتر نەبێت)

ڕێساپەرتووک کە ئەمانە لەخۆ بگرێت:

- بیرۆکەی زنجیرە
- کارەکتەر
- هێڵی پەرەسەندنی چیرۆک
- پوختەی هەر ئەڵقەیەک (لانی کەم ٣ ئەڵقە)
- وتەی دەرهێنەر / یاداشتنامەی مەبەستی هونەری (لە ٢ لاپەڕە زۆرتر نەبێت)
- سەرچاوە هونەرییەکان: مووود بۆرد یاخود سەرچاوە بینراوەکان، کاریگەرییە جوانیناسی و ئیلهامبەخشەکان (٦ لاپەڕە زیاتر نەبێت)

تێبینی مەبەستی بەرهەمهێنەر کە پێداویستییەکانی پرۆژەکە و کار و هەنگاوی پێویست بۆ پەرەپێدانی سەرکەوتوو بخاتە ڕوو لەگەڵ توانای پرۆژەکە لە بەرهەمهێنان و دابەشکردندا (لە ٢ لاپەڕە زیاتر نەبێت)

تیمی هونەری

- ژیاننامە و لیستی کارە فیلمییەکانی (فیلمۆگرافی) دەرهێنەر
- بەستەری کارە بینراو و بیستراوەکانی پێشووتری دەرهێنەر
- ژیاننامە و لیستی کارە فیلمییەکانی (فیلمۆگرافی) سیناریست (ئەگەر گونجا)
- ژیاننامە و لیستی کارە فیلمییەکانی (فیلمۆگرافی) بەرهەمهێنەر (ئەگەر گونجا)
- بەستەری کارە بینراو و بیستراوەکانی پێشووتری بەرهەمهێنەر (ئەگەر گونجا)
- پرۆفایلی کۆمپانیای بەرهەمهێن (ئەگەر گونجا)



بەڵگەنامە یاساییەکان

- ناسنامەی دەرهێنەر
- بەڵگەنامەی ڕەچەڵەک یان هەر بەڵگەیەکی دیکە کە پەیوەندی دەرهێنەر بە کۆمەڵگە و کلتوری کوردییەوە ببەستێتەوە.
- ناسنامەی بەرهەمهێنەر (ئەگەر گونجا)
- بەڵگەنامەی ڕەچەڵەک یان هەر بەڵگەیەکی دیکە کە پەیوەندی بەرهەمهێنەر بە کۆمەڵگە و کلتوری کوردییەوە ببەستێتەوە. (ئەگەر گونجا)
- گرێبەستی مافی وەرگرتن (ئەداپتەیشن) (ئەگەر گونجا)
- گرێبەستی دەرهێنەر (گەر دەرهێنەر خودی سیناریست نەبوو) (ئەگەر گونجا)
- گرێبەستی بەرهەمهێنان یاخود ڕێکەوتننامە دەکرێت قبوڵ بکرێت گەر گرێبەستی کۆتایی نەچووبووە بواری جێبەجێکردنەوە (ئەگەر گونجا)
- بەڵگەنامەی تۆماری یاسایی کۆمپانیای بەرهەمهێنان (بڕوانامەی دامەزراندنی کۆمپانیا یاخود بەڵگەنامەی فەرمیی هاوشێوە بۆ تۆمارکردنی کۆمپانیا)

بەڵگەنامە داراییەکان

- بودجەی خەملێندراو (بە بەکارهێنانی خشتەی ئێکسڵی فەرمیی سندوقی فیلمی کوردستان کە دابینکراوە)
- بۆ زنجیرەی تەلەفیزیۆنی بەڵگەفیلم لە قۆناغی گەشەپێدان، لە کاتی پێشکەشکردنی داواکاری نابێت زیاتر لە 20%ی بەرهەمی کۆتایی ئیدت کراو تۆمار کرابێت.
- تەنیا بۆ ئەو پڕۆژانەی دووبارە داواکاری پێشکەش دەکەنەوە > پێویستە تێبینی دووبارە نوسینەوە هاوپێچ کرابێت

پاڵپشتی بەرهەمهێنان

فیلمی کورت، ماماوەند، یاخود درێژ

بەڵگەنامە هونەرییەکان

- لاپەڕەی ڕووپۆش لەگەڵ ناونیشانی بەرهەم
- پوختەی (سینۆپسس) کورت و / یان درێژی بەرهەم (لە ٢٠ دێڕ زیاتر نەبێت)
- سیناریۆ
- وتەی دەرهێنەر / یاداشتنامەی مەبەستی هونەری (لە ٢ لاپەڕە زۆرتر نەبێت)
- سەرچاوە هونەرییەکان: موود بۆرد یاخود سەرچاوە بینراوەکان، کاریگەرییە جوانیناسی و ئیلهامبەخشەکان، و خاڵی پێشنیازکراو بۆ وێنەگرتن (٦ لاپەڕە زیاتر نەبێت)
- لیستی کاست و تیمی بەرهەمهێنان بە دەرخستنی کەسانی لێهاتووی کورد
- تێبینی مەبەستی بەرهەمهێنەر کە پێداویستییەکانی پرۆژەکە و کار و هەنگاوی پێویست بۆ پەرەپێدانی سەرکەوتوو بخاتە ڕوو لەگەڵ توانای پرۆژەکە لە بەرهەمهێنان و دابەشکردندا (لە ٢ لاپەڕە زیاتر نەبێت)

تیمی هونەری

- ژیاننامە و لیستی کارە فیلمییەکانی (فیلمۆگرافی) دەرهێنەر
- بەستەری کارە بینراو و بیستراوەکانی پێشووتری دەرهێنەر
- ژیاننامە و لیستی کارە فیلمییەکانی (فیلمۆگرافی) سیناریست (ئەگەر گونجا)
- ژیاننامە و لیستی کارە فیلمییەکانی (فیلمۆگرافی) بەرهەمهێنەر
- بەستەری کارە بینراو و بیستراوەکانی پێشووتری بەرهەمهێنەر
- پرۆفایلی کۆمپانیای بەرهەمهێن (تێبینی بۆ فیلی درێژ یاخود ماماوەند پێویستنییە)

- ژیاننامە و لیستی کارە فیلمییەکانی (فیلمۆگرافی) هاوبەرهەمهێنەر (ئەگەر گونجا)
- بەستەری کارە بینراو و بیستراوەکانی پێشووتری هاوبەرهەمهێنەر (ئەگەر گونجا)
- پرۆفایلی کۆمپانیای هاوبەرهەمهێن (ئەگەر گونجا)
- ژیاننامە و فیلمۆگرافی کەسانی سەرەکی لە تیمی هونەری

بەڵگەنامە یاساییەکان

ناسنامەی دەرهێنەر

- بەڵگەنامەی ڕەچەڵەک یان هەر بەڵگەیەکی دیکە کە پەیوەندی دەرهێنەر بە کۆمەڵگە و کلتوری کوردییەوە بەستێتەوە.
- ناسنامەی بەرهەمهێنەر
- بەڵگەنامەی ڕەچەڵەک یان هەر بەڵگەیەکی دیکە کە پەیوەندی بەرهەمهێنەر بە کۆمەڵگە و کلتوری کوردییەوە بەستێتەوە. (ئەگەر گونجا)
- گرێبەستی مافی وەرگرتن (ئەداپتەیشن) (ئەگەر گونجا)
- گرێبەستی دەرهێنەر (گەر دەرهێنەر خودی سیناریست نەبوو)
- گرێبەستی بەرهەمهێنان
- بەڵگەنامەی تۆماری یاسایی کۆمپانیای بەرهەمهێنان (بڕوانامەی دامەزراندنی کۆمپانیا یاخود بەڵگەنامەی فەرمیی هاوشێوە بۆ تۆمارکردنی کۆمپانیا)
- گرێبەستی بەرهەمهێنانی هاوبەش (ئەگەر گونجا)
- پەیماننامەی پابەندبوونی هەر لایەن و هاوبەشێک کە لە پرۆژەکەدا بەشداریێت (بۆ نموونە لایەنی دارایی، هاوبەرهەمهێن، پەخشکار، دابەشکار، فرۆشیار، تد.)

بەڵگەنامە داراییەکان

- خشتەی کاتی بەرهەمهێنان
- نەخشەی دارایی (بە بەکارهێنانی خشتەی ئێکسڵی فەرمی سندوق فیلمی کوردستان کە دابینکراوە)
- بودجەی خەملێندراوی (بە بەکارهێنانی خشتەی ئێکسڵی فەرمی سندوق فیلمی کوردستان کە دابینکراوە)
- ڕەنگە پێشینەیی و پاڵپشتییەکی زیاتر بدرێت بەو پرۆژانەی خەرجییەکی بەرچاو لە ناو هەرێمی کوردستانی عێراقدا دەکەن.
- بۆ بەڵگەفیلمی کورت، مامناوەند یان درێژ لە قۆناغی بەرهەمهێناندا، لە کاتی پێشکەشکردنی داواکاری نابێت زیاتر لە ٥٠%ی بەرهەمی کۆتایی ئیدت کراو تۆمار کرابێت.
- تەنیا بۆ ئەو پرۆژانەی دووبارە داواکاری پێشکەش دەکەنەوە > پێویستە تێبینی دووبارە نوسینەوە هاوپێچ کرابێت

زنجیرەی تەلەفیزیۆنی

بەڵگەنامە هونەرییەکان

- لاپەڕەی ڕووپۆش لەگەڵ ناونیشانی بەرهەم
- لۆگڵاین
- پوختەی (سینۆپسس) کورت و / یان درێژی وەرزێکی بەرهەم (لە ٢٠ دێڕ زیاتر نەبێت)

پەرتووکەڕێسا کە ئەمانە لەخۆ بگرێت:

- بیرۆکەی زنجیرە
- کارەکتەر
- هێڵی پەرەسەندنی چیرۆک
- پوختەی هەر ئەڵقەیەک (لانی کەم ٣ ئەڵقە)
- سیناریۆی هەر ئەڵقەیەک (لانی کەم ٣ ئەڵقە)
- وتەی دەرهێنەر / یاداشتنامەی مەبەستی هونەری (لە ٢ لاپەڕە زۆرتر نەبێت)
- سەرچاوە هونەرییەکان: موود بۆرد یاخود سەرچاوە بینراوەکان، کاریگەرییە جوانیناسی و ئیلهامبەخشەکان، و خاڵی پێشنیازکراو بۆ وێنەگرتن (٦ لاپەڕە زیاتر نەبێت)
- لیستی کاست و تیمی بەرهەمهێنان بە دەرخستنی کەسانی لێهاتووی کورد


تێبینی مەبەستی بەرهەمهێنەر کە پێداویستییەکانی پرۆژەکە و کار و هەنگاوی پێویست بۆ پەرەپێدانی سەرکەوتوو بخاتە ڕوو لەگەڵ توانای پرۆژەکە لە بەرهەمهێنان و دابەشکردندا (لە ٢ لاپەڕە زیاتر نەبێت)

تیمی هونەری

- ژیاننامە و لیستی کارە فیلمییەکانی (فیلمۆگرافی) دەرهێنەر
- بەستەری کارە بینراو و بیستراوەکانی پێشووتری دەرهێنەر
- ژیاننامە و لیستی کارە فیلمییەکانی (فیلمۆگرافی) سیناریست (ئەگەر گونجا)
- ژیاننامە و لیستی کارە فیلمییەکانی (فیلمۆگرافی) بەرهەمهێنەر
- بەستەری کارە بینراو و بیستراوەکانی پێشووتری بەرهەمهێنەر
- پرۆفایلی کۆمپانیای بەرهەمهێن (ئەگەر گونجا)
- ژیاننامە و فیلمۆگرافی کەسانی سەرەکی لە تیمی هونەری

بەڵگەنامە یاساییەکان

- ناسنامەی دەرهێنەر
- بەڵگەنامەی ڕەچەڵەک یان هەر بەڵگەیەکی دیکە کە پەیوەندی دەرهێنەر بە کۆمەڵگە و کلتوری کوردییەوە ببەستێتەوە.
- ناسنامەی بەرهەمهێنەر
- بەڵگەنامەی ڕەچەڵەک یان هەر بەڵگەیەکی دیکە کە پەیوەندی بەرهەمهێنەر بە کۆمەڵگە و کلتوری



کوردییەوە ببەستێتەوە. (ئەگەر گونجا)
• گرێبەستی مافی وەرگرتن (ئەداپتەیشن) (ئەگەر گونجا)
• گرێبەستی دەرهێنەر (گەر دەرهێنەر خودی سیناریست نەبوو)
• گرێبەستی بەرهەمهێنان
• بەڵگەنامەی تۆماری یاسایی کۆمپانیای بەرهەمهێنان (بڕوانامەی دامەزراندنی کۆمپانیا یاخود بەڵگەنامەی فەرمیی هاوشێوە بۆ تۆمارکردنی کۆمپانیا)
• گرێبەستی بەرهەمهێنانی هاوبەش (ئەگەر گونجا)
• پەیماننامەی پابەندبوونی هەر لایەن و هاوبەشێک کە لە پرۆژەکەدا بەشداربێت (بۆ نموونە لایەنی دارایی، هاوبەرهەمهێن، پەخشکار، دابەشکار، فرۆشیار، تد.)

بەڵگەنامە داراییەکان

• خشتەی کاتی بەرهەمهێنان
• نەخشەی دارایی (بە بەکارهێنانی خشتەی ئێکسڵی فەرمیی سندوقی فیلمی کوردستان کە دابینکراوە)
• بودجەی خەملێندراو (بە بەکارهێنانی خشتەی ئێکسڵی فەرمیی سندوقی فیلمی کوردستان کە دابینکراوە)
• ڕەنگە پێشینەیی و پاڵپشتییەکی زیاتر بدرێت بەو پرۆژانەی خەرجییەکی بەرچاو لە ناو هەرێمی کوردستانی عێراقدا دەکەن.
• بۆ زنجیرەی بەڵگەفیلم لە قۆناغی بەرهەمهێناندا، لە کاتی پێشکەشکردنی داواکاری نابێت زیاتر لە ٥٠%ی بەرهەمی کۆتایی ئیدت کراو تۆمار کرابێت.
• تەنیا بۆ ئەو پرۆژانەی دووبارە داواکاری پێشکەش دەکەنەوە > پێویستە تێبینی دووبارە نوسینەوە هاوپێچ کرابێت

پاڵپشتی بەرهەمهێنانی هاوبەش (کۆپرۆدەکشن)

فیلمی درێژ

بەڵگەنامە هونەرییەکان

- لاپەڕەی ڕووپۆش لەگەڵ ناونیشانی بەرهەم
- پوختەی (سینۆپسس) کورت و / یان درێژی بەرهەم (لە ٢٠ دێڕ زیاتر نەبێت)
- سیناریۆ
- وتەی دەرهێنەر / یاداشتنامەی مەبەستی هونەری (لە ٢ لاپەڕە زۆرتر نەبێت)
- سەرچاوە هونەرییەکان: موود بۆرد یاخود سەرچاوە بینراوەکان، کاریگەرییە جوانیناسی و ئیلهامبەخشەکان، و خاڵی پێشنیازکراو بۆ وێنەگرتن (٦ لاپەڕە زیاتر نەبێت)
- لیستی کاست و تیمی بەرهەمهێنان بە دەرخستنی کەسانی لێهاتووی کورد
- تێبینی مەبەستی بەرهەمهێنەر کە پێداویستییەکانی پرۆژەکە و کار و هەنگاوی پێویست بۆ پەرەپێدانی سەرکەوتوو بخاتە ڕوو لەگەڵ توانای پرۆژەکە لە بەرهەمهێنان و دابەشکردندا (لە ٢ لاپەڕە زیاتر نەبێت)

تیمی هونەری

- ژیاننامە و لیستی کارە فیلمییەکانی (فیلمۆگرافی) دەرهێنەر
- بەستەری کارە بینراو و بیستراوەکانی پێشووتری دەرهێنەر
- ژیاننامە و لیستی کارە فیلمییەکانی (فیلمۆگرافی) سیناریست (ئەگەر گونجا)
- ژیاننامە و لیستی کارە فیلمییەکانی (فیلمۆگرافی) بەرهەمهێنەر
- بەستەری کارە بینراو و بیستراوەکانی پێشووتری بەرهەمهێنەر
- پرۆفایلی کۆمپانیای بەرهەمهێنان (بۆ فیلمی کورت و مامناوەند ناچاری نییە)
- ژیاننامە و لیستی کارە فیلمییەکانی (فیلمۆگرافی) هاوبەرهەمهێنەر (ئەگەر گونجا)
- بەستەری کارە بینراو و بیستراوەکانی پێشووتری هاوبەرهەمهێنەر (ئەگەر گونجا)
- پرۆفایلی کۆمپانیای هاوبەرهەمهێن (ئەگەر گونجا)
- ژیاننامە و فیلمۆگرافی کەسانی سەرەکی لە تیمی هونەری

بەڵگەنامە یاساییەکان

- ناسنامەی دەرهێنەر
- بەڵگەنامەی ڕەچەڵەک یان هەر بەڵگەیەکی دیکە کە پەیوەندی دەرهێنەر بە کۆمەڵگە و کلتوری کوردییەوە ببەستێتەوە.
- ناسنامەی بەرهەمهێنەر
- بەڵگەنامەی ڕەچەڵەک یان هەر بەڵگەیەکی دیکە کە پەیوەندی بەرهەمهێنەر بە کۆمەڵگە و کلتوری کوردییەوە ببەستێتەوە. (ئەگەر گونجا)
- گرێبەستی مافی وەرگرتن (ئەداپتەیشن) (ئەگەر گونجا)
- گرێبەستی دەرهێنەر (گەر دەرهێنەر خودی سیناریست نەبوو)
- گرێبەستی بەرهەمهێنان
- بەڵگەنامەی تۆماری یاسایی کۆمپانیای بەرهەمهێنان (بڕوانامەی دامەزراندنی کۆمپانیا یاخود بەڵگەنامەی فەرمیی هاوشێوە بۆ تۆمارکردنی کۆمپانیا)
- گرێبەستی بەرهەمهێنانی هاوبەش (ئەگەر گونجا)
- پەیماننامەی پابەندبوونی هەر لایەن و هاوبەشێک کە لە پرۆژەکەدا بەشداریێت (بۆ نموونە لایەنی دارایی، هاوبەرهەمهێن، پەخشکار، دابەشکار، فرۆشیار، تد.)

بەڵگەنامە داراییەکان

- خشتەی کاتی بەرهەمهێنان
- نەخشەی دارایی (بە بەکارهێنانی خشتەی ئێکسڵی فەرمی سندوق فیلمی کوردستان کە دابینکراوە)
- بودجەی خەملێندراو (بە بەکارهێنانی خشتەی ئێکسڵی فەرمی سندوق فیلمی کوردستان کە دابینکراوە)
- ڕەنگە پێشینەپی و پاڵپشتییەکی زیاتر بدرێت بەو پرۆژانەی خەرجییەکی بەرچاو لە ناو هەرێمی کوردستانی عێراقدا دەکەن.
- بۆ بەڵگەفیلمی درێژ لە قۆناغی بەرهەمهێنانی هاوبەشدا، لە کاتی پێشکەشکردنی داواکاری نابێت زیاتر لە 50%ی بەرهەمی کۆتایی ئیدت کراو تۆمار کرابێت.
- تەنیا بۆ ئەو پرۆژانەی دووبارە داواکاری پێشکەش دەکەنەوە > پێویستە تێبینی دووبارە نوسینەوە هاوپێچ کرابێت

زنجیرەی تەلەفیزیۆنی

بەڵگەنامە هونەرییەکان

- لاپەڕەی ڕووپۆش لەگەڵ ناونیشانی بەرهەم
- لۆگڵاین
- پوختەی (سینۆپسس) کورت و / یان درێژی وەرزێکی زنجیرەکە (لە ٢٠ دێڕ زیاتر نەبێت)

ڕێساپەرتووک کە ئەمانە لەخۆ بگرێت:


- بیرۆکەی زنجیرە
- کارەکتەر
- هێڵی پەرەسەندنی چیرۆک
- پوختەی هەر ئەڵقەیەک (لانی کەم ٣ ئەڵقە)
- سیناریۆی هەر ئەڵقەیەک (لانی کەم ٣ ئەڵقە)
- وتەی دەرهێنەر / یاداشتنامەی مەبەستی هونەری (لە ٢ لاپەڕە زۆرتر نەبێت)
- سەرچاوە هونەرییەکان: مووود بۆرد یاخود سەرچاوە بینراوەکان، کاریگەرییە جوانیناسی و ئیلهامبەخشەکان، و خاڵی پێشنیازکراو بۆ وێنەگرتن (٦ لاپەڕە زیاتر نەبێت)
- لیستی کاست و تیمی بەرهەمهێنان بە دەرخستنی کەسانی لێهاتووی کورد
- تێبینی مەبەستی بەرهەمهێنەر کە پێداویستییەکانی پرۆژەکە و کار و هەنگاوی پێویست بۆ پەرەپێدانی سەرکەوتوو بخاتە ڕوو لەگەڵ توانای پرۆژەکە لە بەرهەمهێنان و دابەشکردندا لەو ناوچەیە (لە ٢ لاپەڕە زیاتر نەبێت)

تیمی هونەری

- ژیاننامە و لیستی کارە فیلمییەکانی (فیلمۆگرافی) دەرهێنەر
- بەستەری کارە بینراو و بیستراوەکانی پێشووتری دەرهێنەر
- ژیاننامە و لیستی کارە فیلمییەکانی (فیلمۆگرافی) سیناریست (ئەگەر گونجا)
- ژیاننامە و لیستی کارە فیلمییەکانی (فیلمۆگرافی) بەرهەمهێنەر
- بەستەری کارە بینراو و بیستراوەکانی پێشووتری بەرهەمهێنەر
- پرۆفایلی کۆمپانیای بەرهەمهێن
- ژیاننامە و فیلمۆگرافی کەسانی سەرەکی لە تیمی هونەری

بەڵگەنامە یاساییەکان

- ناسنامەی دەرهێنەر
- بەڵگەنامەی ڕەچەڵەک یان هەر بەڵگەیەکی دیکە کە پەیوەندی دەرهێنەر بە کۆمەڵگە و کلتوری کوردییەوە ببەستێتەوە.
- ناسنامەی بەرهەمهێنەر



- بەڵگەنامەی ڕەچەڵەک یان هەر بەڵگەیەکی دیکە کە پەیوەندی بەرهەمهێنەر بە کۆمەڵگە و کلتوری کوردییەوە ببەستێتەوە. (ئەگەر گونجا)
- گرێبەستی مافی وەرگرتن / ئامادەکردن (ئەداپتەیشن) (ئەگەر گونجا)
- گرێبەستی دەرهێنەر (گەر دەرهێنەر خودی سیناریست نەبوو)
- گرێبەستی بەرهەمهێنان
- بەڵگەنامەی تۆماری یاسایی کۆمپانیای بەرهەمهێنان (بڕوانامەی دامەزراندنی کۆمپانیا یاخود بەڵگەنامەی فەرمیی هاوشێوە بۆ تۆمارکردنی کۆمپانیا)
- گرێبەستی بەرهەمهێنانی هاوبەش (ئەگەر گونجا)
- پەیماننامەی پابەندبوونی هەر لایەن و هاوبەشێک کە لە پرۆژەکەدا بەشداربێت (بۆ نموونە لایەنی دارایی، هاوبەرهەمهێن، پەخشکار، دابەشکار، فرۆشیار، تد.)

بەڵگەنامە داراییەکان

- خشتەی کاتی بەرهەمهێنان
- نەخشەی دارایی (بە بەکارهێنانی خشتەی ئێکسڵی فەرمیی سندوقی فیلمی کوردستان کە دابینکراوە)
- بودجەی خەملێندراو (بە بەکارهێنانی خشتەی ئێکسڵی فەرمیی سندوقی فیلمی کوردستان کە دابینکراوە)
- ڕەنگە پێشینەیی و پاڵپشتییەکی زیاتر بدرێت بەو پرۆژانەی خەرجییەکی بەرچاو لە ناو هەرێمی کوردستانی عێراقدا دەکەن.
- بۆ زنجیرەی بەڵگەفیلم لە قۆناغی بەرهەمهێنانی هاوبەشدا، لە کاتی پێشکەشکردنی داواکاری نابێت زیاتر لە 50%ی بەرهەمی کۆتایی ئیدت کراو تۆمار کرابێت.
- تەنیا بۆ ئەو پرۆژانەی دووبارە داواکاری پێشکەش دەکەنەوە > پێویستە تێبینی دووبارە نوسینەوە هاوپێچ کرابێت

پاڵپشتی پاش-بەرهەمهێنان

فیلمی درێژ

بەڵگەنامە هونەرییەکان

- لاپەڕەی ڕووپۆش لەگەڵ ناونیشانی بەرهەم
- پوختەی (سینۆپسس) کورت و / یان درێژی بەرهەم (لە ٢٠ دێڕ زیاتر نەبێت)
- سیناریۆ
- وتەی دەرهێنەر / یاداشتنامەی مەبەستی هونەری (لە ٢ لاپەڕە زۆرتر نەبێت)
- تێبینی مەبەستی بەرهەمهێنەر کە پێداویستییەکانی پرۆژەکە و کار و هەنگاوی پێویست بۆ پەرەپێدانی سەرکەوتوو بخاتە ڕوو لەگەڵ توانای پرۆژەکە لە بەرهەمهێنان و دابەشکردندا (لە ٢ لاپەڕە زیاتر نەبێت)

تیمی هونەری

- ژیاننامە و لیستی کارە فیلمییەکانی (فیلمۆگرافی) دەرهێنەر
- بەستەری کارە بینراو و بیستراوەکانی پێشووتری دەرهێنەر
- ژیاننامە و لیستی کارە فیلمییەکانی (فیلمۆگرافی) سیناریست (ئەگەر گونجا)
- ژیاننامە و لیستی کارە فیلمییەکانی (فیلمۆگرافی) بەرهەمهێنەر
- بەستەری کارە بینراو و بیستراوەکانی پێشووتری بەرهەمهێنەر
- پرۆفایلی کۆمپانیای بەرهەمهێن
- ژیاننامە و لیستی کارە فیلمییەکانی (فیلمۆگرافی) هاوبەرهەمهێنەر (ئەگەر گونجا)
- بەستەری کارە بینراو و بیستراوەکانی پێشووتری هاوبەرهەمهێنەر (ئەگەر گونجا)
- پرۆفایلی کۆمپانیای هاوبەرهەمهێن (ئەگەر گونجا)
- ژیاننامە و فیلمۆگرافی کەسانی سەرەکی لە تیمی هونەری

بەڵگەنامە یاساییەکان

- ناسنامەی دەرهێنەر
- بەڵگەنامەی ڕەچەڵەک یان هەر بەڵگەیەکی دیکە کە پەیوەندی دەرهێنەر بە کۆمەڵگە و کلتوری کوردییەوە ببەستێتەوە.
- ناسنامەی بەرهەمهێنەر
- بەڵگەنامەی ڕەچەڵەک یان هەر بەڵگەیەکی دیکە کە پەیوەندی بەرهەمهێنەر بە کۆمەڵگە و کلتوری کوردییەوە ببەستێتەوە. (ئەگەر گونجا)
- بژاردەی واژۆکراو یاخود گرێبەستی گواستنەوەی مافی خاوەندارێتی
- گرێبەستی مافی وەرگرتن (ئەداپتەیشن) (ئەگەر گونجا)
- گرێبەستی دەرهێنەر (گەر دەرهێنەر خودی سیناریست نەبوو)
- گرێبەستی بەرهەمهێنان
- بەڵگەنامەی تۆماری یاسایی کۆمپانیای بەرهەمهێنان (بڕوانامەی دامەزراندنی کۆمپانیا یاخود بەڵگەنامەی فەرمیی هاوشێوە بۆ تۆمارکردنی کۆمپانیا)
- گرێبەستی بەرهەمهێنانی هاوبەش (ئەگەر گونجا)
- پەیماننامەی دڵنیایی پاراستن یان نەشکاندنی مافی خاوەندارێتی هزری (Intellectual Property rights).
- پەیماننامەی پابەندبوونی هەر لایەن و هاوبەشێک کە لە پرۆژەکەدا بەشداربێت (بۆ نموونە لایەنی دارایی، هاوبەرهەمهێن، پەخشکار، دابەشکار، فرۆشیار، تد.)



بەڵگەنامە داراییەکان

- خشتەی کاتی بەرهەمهێنان
- نەخشەی دارایی کۆتایی (بە بەکارهێنانی خشتەی ئێکسڵی فەرمیِ سندوقی فیلمی کوردستان کە دابینکراوە)
- بودجەی کۆتایی (بە بەکارهێنانی خشتەی ئێکسڵی فەرمیِ سندوقی فیلمی کوردستان کە دابینکراوە)
- فیلم
- بەستەری مۆنتاژی سەرەتایی تەواو یاخود بژاردەیەک لە دیمەنەکانی فیلمەکە (پێویستە لانی کەم 50%ی وەشانی کۆتایی فیلمەکە نیشان بدات) بە ژێرنووسی ئینگلیزییەوە
- بۆ بەڵگەفیلمی درێژ لە قۆناغی پاش-بەرهەمهێنان، پێویستە لانی کەم 80%ی بەرهەمی کۆتایی ئیدت کراو تۆمار کرابێت و مۆنتاژی سەرەتایی لە کاتی پێشکەشکردنی داواکاری بەردەست بێت.

فیلمی کورت، ماماوەند، و درێژ

بەڵگەنامە هونەرییەکان

- لاپەڕەی ڕووپۆش لەگەڵ ناونیشانی بەرهەم
- پوختەی (سینۆپسس) کورت و / یان درێژی بەرهەم (لە ٢٠ دێڕ زیاتر نەبێت)
- ستراتیژی دابەشکردنی بەرهەمەکە پێداویستییە تایبەتییەکانی فیلمەکە و کار و هەنگاوی پێویست بۆ دڵنیایی سەرکەوتنی بڵاوکردنەوەی بخاتە ڕوو (لە ٢ لاپەڕە زیاتر نەبێت)

تیمی هونەری

- ژیاننامە و لیستی کارە فیلمییەکانی (فیلمۆگرافی) دەرهێنەر
- بەستەری کارە بینراو و بیستراوەکانی پێشووتری دەرهێنەر
- ژیاننامە و لیستی کارە فیلمییەکانی (فیلمۆگرافی) سیناریست (ئەگەر گونجا)
- ژیاننامە و لیستی کارە فیلمییەکانی (فیلمۆگرافی) بەرهەمهێنەر
- بەستەری کارە بینراو و بیستراوەکانی پێشووتری بەرهەمهێنەر
- پرۆفایلی کۆمپانیای بەرهەمهێن (بۆ فیلمی کورت و ماماوەند ناچاری نییە)
- ژیاننامە و لیستی کارە فیلمییەکانی (فیلمۆگرافی) هاوبەرهەمهێنەر (ئەگەر گونجا)
- بەستەری کارە بینراو و بیستراوەکانی پێشووتری هاوبەرهەمهێنەر (ئەگەر گونجا)
- پرۆفایلی کۆمپانیای هاوبەرهەمهێن (ئەگەر گونجا)
- ژیاننامە و فیلمۆگرافی کەسانی سەرەکی لە تیمی هونەری

بەڵگەنامە یاساییەکان

- ناسنامەی دەرهێنەر
- بەڵگەنامەی ڕەچەڵەکی یان هەر بەڵگەیەکی دیکە کە پەیوەندی دەرهێنەر بە کۆمەڵگە و کلتوری کوردییەوە ببەستێتەوە. (ئەگەر گونجا)
- بژاردەی واژۆکراو یاخود گرێبەستی گواستنەوەی مافی خاوەندارێتی
- گرێبەستی مافی وەرگرتن (ئەداپتەیشن) (ئەگەر گونجا)
- گرێبەستی دەرهێنەر (گەر دەرهێنەر خودی سیناریست نەبوو)
- گرێبەستی بەرهەمهێنان
- بەڵگەنامەی تۆماری یاسایی کۆمپانیای بەرهەمهێنان (بڕوانامەی دامەزراندنی کۆمپانیا یاخود بەڵگەنامەی فەرمیی هاوشێوە بۆ تۆمارکردنی کۆمپانیا)
- گرێبەستی بەرهەمهێنانی هاوبەش (ئەگەر گونجا)
- پەیماننامەی دڵنیایی پاراستن یان نەشکاندنی مافی خاوەندارێتی فیکری (Intellectual Property rights).
- پەیماننامەی پابەندبوونی هەر لایەن و هاوبەشێک کە لە پرۆژەکەدا بەشداربێت (بۆ نموونە لایەنی دارایی، هاوبەرهەمهێن، پەخشکار، دابەشکار، فرۆشیار، تد.)
-

بەڵگەنامە داراییەکان

- نەخشەی دارایی کۆتایی (بە بەکارهێنانی خشتەی ئێکسڵی فەرمیی سندوقی فیلمی کوردستان کە دابینکراوە)
- بودجەی کۆتایی (بە بەکارهێنانی خشتەی ئێکسڵی فەرمیی سندوقی فیلمی کوردستان کە دابینکراوە)
- پسووڵەی نرخاندنی چاپ و ڕیکلام
- فیلمی تەواوکراو
- بەستەری فیلمەکە بە شێوەی کۆتاییهاتوو (picture-locked) لەگەڵ ژێرنووسی ئینگلیزی

پرۆسەی
هەڵسەنگاندن و هەڵبژاردن



پێداچوونەوە بە شیاوی داواکاری

پاش پێشکەشکردنی کۆتایی داواکاری ئۆنلاین و هەموو بەڵگەنامە داواکراوەکان، ستافی سندوق فیلمی کوردستان پێداچوونەوەی شایستەبوون بۆ داواکارییەکان دەکەن تا دڵنیابن کە هەموو مەرجەکانی تێدایە

هەروەها پڕۆژەکان لەلایەن لانی کەم دوو کەسی پیشەیی ئەزموونداڕ لە کلتووری کوردیدا پێداچوونەوەیان بۆ دەکرێت، کاری ئەوان هەڵسەنگاندنی ئەوەیە داخۆ پڕۆژەکان پەیوەندییەکی ماناداریان بە شوناسی کوردی، کلتور، زمان، کۆمەڵگە یاخود گێڕانەوەی کوردی هەیە، لە ڕێگای فیلمسازی، چیرۆک، یاخود خودی پڕۆژەکە.

هەڵسەنگاندنی داواکاری

پرۆسەی هەڵبژاردن

- لەگەڵ هەڵسەنگاندنی ئاستی هونەری و توانای جێبەجێکردنی بەرهەمهێنان، دەستەی دادوەری توانای هەر پڕۆژەیەک بۆ بەشداریکردن لە پەرەپێدانی درێژخایەنی سینەمای کوردی، ناسراوی نێودەوڵەتی و بەردەوامی لەبەرچاودەگرێت. پڕۆژە شیاوەکان لەلایەن پێنج ئەندامی دەستەی دادوەرییەوە پێداچوونەوە و هەڵسەنگاندنیان بۆ دەکرێت کە کەسانی پیشەیی جیهانی بواری سینەمان.
- پڕۆژەکان سەرەتا بە شێوەی سەربەخۆ پێداچوونەوە و هەڵسەنگاندنیان لەلایەن هەر پێنج ئەندامەکەی دەستەی دادوەری بۆ دەکرێت، کە هەر داواکارییەک بەپێی پێوەرەکانی سندوقی فیلمی کوردستان هەڵدەسەنگێنن.

- دەستەی دادوەری هەر پڕۆژەیەک لەسەر ئەم بنەمایانە هەڵدەسەنگێنێت:
- ڕەسەنایەتی و ئاستی هونەری
- ئاستی پابەندبی بەرهەمهێنەر
- کارەکانی پێشووتری دەرهێنەر (ئەگەر گونجا)
- توانای جێبەجێکردنی پڕۆژەکە لە ڕووی دارایبەوە
- ئاستی بڵاوبوونەوە و گەیشتن بە بینەر
- پەیوەندی مانادار بە شوناس، کلتور، زمان، کۆمەڵگە، یاخود گێڕانەوەی کوردی لە ڕێی فیلمساز، چیرۆک، یاخود خودی پڕۆژەکە.

گرنگی زیاتر دەدرێت بە پشتیوانیکردنی ئەو پڕۆژانەی سەرنجی بەرچاو دەدەن بە هەمەجۆری و یەکسانیی ڕەگەزیی لە هەردوو تیمی سەرەکی بەرهەم یاخود تیمی جێبەجێکار/ تیمی تەکنیکی.
دواتر پڕۆژەکان لە کۆبوونەوەی گشتیی دەستەی دادوەریدا شیتەڵ دەکرێن.
پاش کۆبوونەوەی گشتی دەستەی دادوەری، یەکێک لەم دوو بڕیارە دەدرێت:

قبوڵکراو > داواکار لە جۆر و بڕی پاڵپشتی لەلایەن سندوقی فیلمی کوردستان ئاگادار دەکرێتەوە، هاوپێچ لەگەڵ ئەو مەرج و یاسایانەی جێبەجێ دەبن.
هەمان دەستەی دادوەری بڕیار لەسەر بڕی پێشکەشکراو دەدەن. پڕۆژە پاڵپشتیکراوەکان دەبن بە بەشێک لە کۆمەڵگەی سندوقی فیلمی کوردستان و چاوەڕێ دەکرێت دەستیان هەبێت لە دەرکەوتن و پەرەپێدانی درێژخایەنی سینەمای کوردی لە ئاستی نەتەوەیی و نێونەتەوەیی.

قبوڵ نەکراو> هەر پڕۆژەیەک کە بڕیاری قبوڵ نەکرانیان پێ دەگات ناتوانن دووبارە خۆیان بۆ هەڵسەنگاندن بپاڵێونەوە، مەگەر لە قۆناغی گەشەپێدان یان بەرهەمهێنانداا بن، ئەوسا پێویستە ڕەشنووسێک هاوپێچ بکەن کە گۆڕانکاری پێویستیان کردووە و لە دوای داواکاری پێشووتریانەوە بەرەوپێشچوونیان بە خۆیانەوە بینیوە. مەگەر دەستەی دادوەری بە شێوەی هاودەنگ بڕیارێکی جیاواز بدەن.
سندوقی فیلمی کوردستان پێداچوونەوە و هۆکاری ڕەتکردنەوەی پڕۆژەیەک بۆ وەرگرتنی پاڵپشتی ڕوون ناکاتەوە.

هەر داواکارییەکی دووبارە پێشکەشکراو پێویستە تێبینییەکی لەگەڵدابێت کە گۆڕانکاری، پێداچوونەوە، و بەرەوپێشچوونی ئەنجامدراو لە خۆ بگرێت لە دوای داواکاری پێشووترەوە.

ماوەی لێکدانەوە و وەڵامدانەوە

پاش بڕیاری کۆمسیۆن، تەواوی پێشکەشکاران لە ڕێگای ئیمەیڵەوە وەڵامی داواکارییەکانیان پێ دەگات

سوپاس

ئیمەیڵ

info.fund@creativekurdistan.krd

بۆ پەیوەندی

+964 (772) 139 2923

ناونیشان

تەلاری هێرا، شەقامی میدیا، نهۆمی 3، شوقەی-30 31،
سلێمانی، هەرێمی کوردستانی عێراق



KURDISTAN FILM FUND